سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماری عێراق سەرکەنەی هێرشە سەر قورئان دەکەن

محەممەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، پێشوازی لە لێتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆماری عێراق کرد و لە میانەی دیداری نێوانیان باسیان لە بارودۆخی گشتی وڵات کرد و گرنگی تەواوکەری لە کاری سەرجەم دەسەڵاتداران بە مەبەستی پاپشتیکردنی هەنگاوەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی پلانەکانی بەرنامەی حکومەت.

هاوکات هەردوولا جەختیان لە پاپشتیکردنی هەنگاوەکانی حکومەت لە جێبەجێکردنی پلانە پێشینەیەکانی پێیوست بە باشترکردنی خزمەتگوزاریەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان کردەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە گەشەپێدانی هەمەلایەنە لە سەرجەم کەرتە گرنگەکان.

لە کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆماری عێراق، هەردوولا سەرکەنەی هێرشی دووبارەکان بە سەر قورئانی پیرۆز و پیرۆزیە ئیسلامیەکان کردەوە، هاوکات پێداگریان لەسەر هەوەستی پتەوتری وڵاتان کرد کە کۆتایی بەم کارە تاوانبارانە بهێنن دژەهق بە پیرۆزیەکانی ئیسلام.